Komala Party – Iranian Kurdistan
Committe in Holand

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی هۆڵەند

# ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانی کرێکار لە هۆڵەند

ڕۆژی ٥ شەممە ئەوەڵی مانگی مەی ٢٠٠٨ لە شاری ڕۆتردامی هۆڵەند لە سەر بانگەوازی کۆمیتەی بەڕێوەبەر ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار کە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان یەکێک لە بەڕێوەبرانییەتی لە شاری ڕۆتردام بۆ ڕێز گرتن لەم ڕۆژە پیرۆزە مەراسمێکی گەورە، گەرموو گۆڕ و زۆر شکۆدار بە بەشداری زۆتر لە هەزار کەس بەڕێوە چوو. مەراسمی ڕۆژی کرێکار کە شکۆدارتر لە شاڵانی پێشوو بوو سەرتا بە کۆبوونەوە لە مەیدانی شارەداری ئەو شارە و دانی سروودی ئەنترناسیۆنال دەستی پێکرد، پاشان بەرێپێوانەکی شکۆدار بە نێو شاقامە ئەسڵییەکانی شاردا و دانی شۆعاری کرێکاری بۆ دیفاع لە مافەکانی کرێکاران بە دژی سەرمایەداری دروشم و شۆعاری شۆرشگێرانەی دیکە درێژەی پیدا کرد. بەددوای ماوەیکی زۆر ڕێپێوان، بەشدار بوانی مەراسمی ڕۆژی کرێکار لە مەیدانی مەرکەزی شاری ڕۆتردام کۆبوونەوە. پاشان پەیام و قەتعنامەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری ڕۆژی کرێکار پێشکەشی بەشدار بووانی ڕۆژی کرێکار کرا. مەراسمی ڕۆژی کرێکار لە مەرکزی شاردا تا ماوەیکی زۆر بە پێشکەش کردنی بەرنامەهای هۆنەری کرێکاری و سوسیالیستی کە کۆمیتە ئەوڵی مانگی مەی ئامادی کردبوو و دانی شۆعار و درۆشمی کرێکار درێژەی هەبوو.

بەشی دوهەمی ڕۆژی کرێکار بریتی بوو لە شای و خۆشی و هەڵپەرکی و پێشکەش کردنی بەبەرنامەهای جۆراو جۆری هۆنەری و شێعر و گۆرانی لە یەکێ لە سالۆنە گەورەکانی شاری ڕۆتردامدا کۆمیتەی بەڕێوە بەری ڕۆژی کرێکار بۆ ئەم مەبەستەی تەرخان دابوو کە هەتا درنگانێک لە نیوە شەو درێژەی هەبوو. شاییانی باسە کە بەشدار بوانی مەراسمی ڕۆژی کرێکاری ئەمسال لە ساڵانی رابردوو زۆر زۆرتر بوون تا رادێک کە حەتا ئەو مەزهەبیەکانی ئیسلامی لە مەراسمی ڕۆژی کرێکاری ئەمساڵدا بۆ ڕێزگرتن لەم ڕۆژە پیرۆزەدا بەشدارییان کردبوو.

شاییان باسە کە کۆمیتەی بەڕێوە بەری ڕۆژی کرێکار پێک هاتووە لە: یەکیەتی کرێکارانی هۆڵەند، ئاسۆی سوور، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێسانی کوردستانی ئێران، یەکیتی ئافرەتان، پ.ک.ک. بەبرەکانی تامیل، حیزبی کمۆنیستی فلیپین، حیزب کرێکارانی کمۆنیستی تورکیا، حیزبی سوسیالیستی تورکیا، بزوتنەوی پارتیزان لە تورکیا و چەندین حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی و جەماوەری دیکە.

# کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

## ڕێکخراوی هۆڵەند

٢٠٠٨ ٠٥ ٠٢















www.komala.org
**E-mail:** komala_no@hotmail.com